وشەی ”هەژەند“ و شوێنی لە زمانی کوریدا

لەگەڵ باسێکی وشەی ”سوپرایز (Surprise)“ ی ئینگلیزی

سەرەتای دەرکەوتنیان لەگەڵ بنەڕەت و مانایان

دەرکەوتنی وشەی ”هەژەند“ لە دنیای نووسینی بە زمانی کوردیدا

وردبوونەوەیەک لە مانای وشەکە

بەهەڵەدابرانی وشەکان لە نووسینی کوردیدا

بەسەرگرتنەوەی هەردوو وشەکە

چۆن وشە ئینگلیزییەکە بکەین بە کوردی؟

زیاد ئەسعەد

٢٧ی ئادار، ٢٠٢٥

ئەم ساڵانەی دوایی کە هەموومان بووینە خاوەن کاناڵ و میدیای خۆمان و هەر یەکێکمان لەم ڕووبەرە بەرفرەیەدا بووینە خاوەن دەنگی خۆمان، وا دێتە بەر زەین کە چەند ئەوەندەی جاران قسە دەکەین، ڕا و بۆچوونی خۆمان دەردەبڕین، پرسیار دەکەین و وەرام دەدەینەوە. شتێک کە لێرەدا دڵی دڵسۆزانی گەل و نیشتمانی تەنگ کردووە، پاشەڕۆژی زمانی کوردییە. هەن دەڵێن زمانی کوردی قەت ئەوەندە لە ترکزە نەبووە و لەوان وایە زمانەکەمان ئێستا پتر لە جاران چاوی کزبوون و نەمانی لێ دەکرێت. من لێرەدا مەودام نییە کە بەم تانوپۆیەدا بێمە خوارێ. پێوەم کە بەکورتی باسێکی یەکێک لەو گشتە نموونانە بکەم کە ترسی دە دڵی دڵسۆزانی زمانەکەمان خستووە. باسی وشەی "سوپرایز" دەکەم کە لەوەتەی هاتووەتە زمانەکەمانەوە هەر کێشەی لەسەر دەکرێت و لە ناکارایی کۆڕی زانیاری و مردەلۆخیی ئەکادیمیای کوردی ئەم پرس و باسانە بە لایەکدا ناخرێن. جارێ با باسێکی وشەی "هەژەند" بکەم کە خەریکە سنووری مانای بزر دەکرێت.

دەڵێن مەسعوود محەمەد وشەکەی ساز کردووە، دەشێت وا بێت، بەڵام ڕاست نییە کە ئەڵێن یەکەم جار لە کتێبی "زاراوەسازی(ی) پێوانە"دا ئەم وشەیەی پێشنیار کردووە. مەسعوود محەمەد خۆی دەڵێت کە وشەکەی بە دوو مانای جیاواز بەکار هێناوە: یەکەم، فاجعة؛ دووەم، کارثة (= کارەسات). بە مانای (مفاجأة) بەکاری نەهێناوە. هەژار بە "سەرسووڕێن (= عەجیب و غەریب)" مانای لێ داوەتەوە (بڕوانە: هەنبانە بۆرینە، بڵاوکەرەوەی سروش، ١٩٩٠، چ١، ل٩٧٤). ئەو مانایەی هەژار لە وشەکەی داوە، هاوتا ئینگلیزییەکەی دەبێت بەوە کە دوو سەدەیە ئینگلیز پێی ئەڵێن "unearthly". کەریم کاکە لە "کۆڵان کۆڵان گێڕانەوە (چ١، ب٣، لا ٣٢٧)" بە مانایەکی نیزیک لە کوردییەکەی هەژار بەکاری هێناوە و لەگەڵ چاوگی سادەی (مان) وشەکەی گرتووە: هەژەندمان.

ئەمەش دیسان، وەک چاوگێکی لێکدراو، لە کوردیدا، نوێیە. بە بۆچوونی مەسعوود محەمەد، دەکرێت "هەژەند"ی لە چاوگی "هەژان" بە مانای "کارەساتی گەورەی دنیاهەژێن" بەکار بێنین. دوو مەبەستەکەی وی بە ئینگلیزی دەبن بە "Calamity" و "disaster" ـ نابن بە "سوپرایز: Surprise" و "شۆک: Shock". بۆ کۆتاییی باسەکە ئەوەتان وەبیر بێت کە وشەی "هەژەند" لە چاوگی "هەژان"، وێڕای پاشگری "ەند" ساز کراوە: هەژ + ەند.

با بێینە سەر وشە ئینگلیزییەکە.

وشەی "سوپرایز (= Surprise" یان "Surprize) لە دوو کەرت پێک هاتووە. کەرتی یەکەمی بریتییە لە "Sur" یان "Sor"ی فەرەنسی کە هاوتای کوردیی ئەوە دەبێت بە "سەر"ی بە واتای

”سەروو، ژووروو، بان“. پێچەوانەی ”خوار“ و ”بن“. وشە فەرەنسییەکە هەر ”سوپەر“(Super =) ی لاتینە بە هەمان مەبەست و مانا کوردییەکە. ئەم وشە لاتینە ــ لە دەوری پێشبەندیدا ــ کە دەکەوێتە زمانی ئینگلیزی، هەمان مانای ”سەر“ی کوردی دەدات. با دووسێ نموونە بنووسم:

سەرەوکاری یان سەرپەرستی/ سەرپەرشتی لە ئینگلیزیدا دەبێت بە (Supervision)؛

سەرسرشت، یان سەرسروشت، لە ئینگلیزیدا دەبێت بە (Supernatural)؛

سەرکار (ئەوەی ئێستە هەر پێی دەڵێن "مودیر") دەبێت بە (Superintendent).

کەرتی دووەمی وشەی ”سوپرایز (Surprise) کە دەکاتە (prise)، وشەیەکی فەرەنسییە ـ بە بنەڕەت لە(Prehensus)ی لاتین. ئەم وشە فەرەنسییە مەگەرکوو، دەنا لە زمانی ئینگلیزیدا دەرناکەوێت. ئەم کەرتی دووەمە و وشە لاتینەکەش هەردوو واتای”گیراو“ یان ”گراو/ گراوی“ی کوردی دەدەن.

وشەی "سوپرایز (Surprise)"، سەرەتای دەرکەوتنی، بە واتای "پەلاماری شەوانە" بەکار هاتووە. هێرشی سپا لە شەودا. ئەوە کە لە کوردیدا پێی دەگوترێت: شەوخوون (شەبەیخوون/ ف. شبیخون)، چەپخوون، پارێز. دیسان بە مانای "پەلاماری ڕۆژانە"یش هاتووە کە ئەوە دەمێکە کاڵ بووەتەوە و بەکار نایەت. بەوە گوتراوە ڕۆژخوون (ف. روزخون).

- *چۆن وشە ئینگلیزییەکە بکەین بە کوردی؟*

جارێ پێش هەموو شت، دەبێت بزانین کورد کە لە کرانی کارێک یا دیتنی دیمەنێک واقی وڕ دەمێنێت چ دەڵێت. کە چاو لە مەموزینی خانی دەکەین دەبینین ئەوسا هەر ئەوە گوتراوە کە ئێستەیش پیر و ئیختیارەکان دەیڵێن:

عەجەبا!

چ عەجەب!

خانی دەڵێت:

میر گۆ: چ عەجەب نەکر ب من پرس

یانە قە نەمایە وی ژ من ترس؟

کانی ئەڵێت:

ئەمڕۆ چ عەجەب هاتی لەپێشم گوزەرت کرد

جانم لە بەدەن جانە بە یەک غەمزە دەرت کرد

کە ئینگلیز دەڵێن: (it is surprising!)، کورد دەڵێن:

عەجەبا!

سەیرە!

چ سەیرە!

چ عەنتیکەیە!

وەڵڵا بابە تەواومان کرد!

هەر ئەوە مابوو!

ئینگلیز دەڵێت: (what a pleasant surprise!)

کورد دەڵێن:

قیبلە لە کوێیە!

گورگ لە کوێندەرێ مردووە!

چ گورگ نەماینە!

گورگ لە کوێندەر مردووە!

گورگ بە کام دۆڵدا چووە!

ئینگلیز دەڵێن: (a pleasant surprise.)

کورد دەڵێن: دووشەش* (بە مانای: هەڵکەوتێکی چاک، بەختێکی باش).

ئینگلیز دەڵێن: (What a surprise to meet you again!)

کورد دەڵێن: "چ خۆشە دیسان چاوم پێت کەوتەوە!"

ئینگلیز دەڵێن: (What a surprise!)

کورد دەڵێن: شا لەو بەزمە!

ئینگلیز دەڵێن: (Do not be surprised.)

کورد دەڵێن: پێت سەیر نەبێت.

ئینگلیز دەڵێن: (Surprise, surprise! Look who's here!)

کورد دەڵێن:

چاو، چاو! کێ لێرەیە!

سەیر، سەیر! کێ لێرەیە!

ئەی بابە! کێ لێرەیە!

ئەی گیان کێ لێرەیە! (ئەوە ئەگەر کەسەکە خۆشەویست بوو.)

تیاح کێ لێرەیە! (ئەگەر کەسەکە ڕەزاگران بوو. لە هێندێک شوێن دەڵێن: شا لەو بیتاقەیە!)

ئەم دوو جار گوتنەی وشە ئینگلیزییەکە کە ئیدیەمە، بارێکی دیکەیشی لە کوردیدا هەیە و کاتێک بەکار دێت کە دیتن یان بیستنی شتێک سەرنجت ڕانەکێشێت و پێشتر ئەزموونبێت. کورد لەو سەبارەتەدا دەڵێت:

کۆنە!

بیستوومە، ئەزیەت مەکێشە!

مەیلێ، بیستوومە!

هەی بەخێرێیەوە! (ئەوە لە سەرەتای کرانەوەی باسێکدا دەگوترێت ـ بەو مانایە کە تۆ لە باسەکە ئاگاداریت و قسەکەر لەخۆڕا پێی وایە شتەکە بۆ تۆ تازەیە. پێی دەڵێیت، بەخێر بێیەوە! یانی بیستوومە و ئاگادارم ـ ئەزیەتی گێڕانەوەی مەکێشە.)

وەکی گوتم، وشەی "هەژەند"ی کوردی، بە لای هەژان و کارەساتدا دەڕوات، بەڵام وشە ئینگلیزییەکە لە سەدەی بیستەم بەولاوە، سنووری واتای زۆر گۆڕاوە. لە دەستەواژە، ئیدیۆم و کۆواژەکردار (Phrasal verb) جێی کراوەتەوە کە ئەگەر بە وشەی "هەژەند" مانا بکرێتەوە، شتی زۆر سەیر و بێواتا دەردەچێت. هەوڵ دەدەم چەند نموونەیەک بنووسم کە بەرچاوی خوێندەوار و

وەرگێڕە بەڕێزەکان ڕوون بێت. ئینگلیز دەڵێن، (Surprise visit)، کورد دەڵێت: سەردانی چاوەڕواننەکراو، دیدەنیی چاوەڕواننەکراو.

ئینگلیز دەڵێن: (To recover from surprise)، کورد دەڵێن: هۆش هێنانەوە سەر، هۆش هێنانەوە سەرە خۆ، ئەقڵ هێنانەوە سەر.

ئینگلیز دەڵێن: (To cause surprise)، کورد دەڵێن: واقوڕکردن، واقوڕماندن، سەرسووڕاندن، سەرسووڕماندن، سەرسڕکردن، سەرسامکردن، هۆشلێسەندن، گێژکردن و ئیدی.

ئینگلیز دەڵێن: (To make a surprise attack (on))، کورد دەڵێن: لە نشکێوە گرتن.

ئینگلیز دەڵێن: (Caught by surprise)، یان (to be caught by surprise)، کورد دەڵێن: لە خەت گیران، پێوەبوون. بۆ وێنە، جاروبار ئەگەر کەسێکی ناودار کارێکی نەشیاو لە خۆی دەوەشێنێتەوە، دەنووسرێت: فلان هونەرمەند، یان فیسار نووسەر، لە خەت گیرا.

پار شەوێک لە ماڵی برادەرێک بووم. قسە هاتە سەر خوێندن و نەخوێندن. دەیگوت مردین لەگەڵ ئەو برا بچووکەم. تا دەرسی پێ دەخوێنین کونەجەرگمان دەکات. ئەمجا گوتی، "دە با هەستم سەرێکی لێ خوار بکەمەوە، بزانم چ دەکات." کە هاتەوە گوتی: "لە خەتم گرت. مۆبایلی بردبوو دەنێو کتێبێی نابوو"!
ئەو سەر لێ خوار کردنەوە و لە خەت گرتنە، هەردووکیان لە چیرۆک و ڕۆمانی ئینگلیزی بەهەراوی بەکار دێن ـ بە مانای (Surprise).

ئەم هەموو شێروڕێوی هێنانەوە بۆ ئەوەیە کە بڵێم، وەرگێڕان یانی کەلتوورگۆڕی. ناکرێت تاقە وشەیەک ـ بۆ نموونە: هەژەند ـ بێنین و لە هەر کوێ، بە هەر وشەیەکی دیاریکراو ـ بۆ نموونە: Surprise ـ لە هەر دەستەواژە و ئیدیەم و درکەیەکدا گەیشتین، دابنێینەوە. ئەوە وا دەکات لە دەقێک نەگەین کە کەسێک بەم تێڕوانینە کردبێتی بە کوردی. ئەم ساڵانەی دوایی ئەو مامەڵەیە لەگەڵ زۆر وشەی تردا کراوە و بە پێویستی دەزانم، قسەیان لەسەر بکرێت. چەند نموونەیەکی دی دەنووسم و ئەم باسە دەبڕێنمەوە.

Ghasemlou always had a political surprise in his sleeve.

قاسملوو هەردەم شاکارێکی سیاسیی بەدەستەوە بوو (= هەمیشە شتێکی گرنگی لەژێر سەردا بوو).
قاسملوو هەردەم شاکارێکی سیاسیی لەژێر سەردا بوو.

to be surprised at sth:

تێدامان: خۆ تێدا دۆڕاندن.

The fort was taken by surprise:

مەتەرێز چەپخوون کرا (دژمن بەسەردا چوو و گرتی).
وەکوو لە پێشتردا گوتم، وشە ئینگلیزییەکە بە مانای پەلاماری شەوانە [شەوخوون، شەبەیخوون، چەپخوون، پارێز] بەکار هاتووە. ئێستەش ئەو مانایەی هەر ماوە .
عەرەب شتێکیان لە ئێمە بردووە. کە لە کرانی کارێک یان دیتنی دیمەنێکدا سەیریان لێ دێت، دەڵێن: خوش والله! (ئێستەش لە کوردستان خەڵک ئەڵێن: وەڵڵا بابە خۆش!) هەروەها دەڵێن: وەڵڵا بابە تەواومان کرد!
جاروبار وەرگێڕە عەرەبەکان، لە ماناکردنەوەی وشە ئینگلیزییەکەدا، ئەوە بەکار دێنن.

I am surprised by your daughter:

هەڵسوکەوتی کچەکەتم پێ سەیر بوو.

Don't be surprised. This is an old custom:

پێت سەیر نەبێت. ئەوە نەریتە!

کورد دەڵێت:
جەردەیان لێ ڕاست هاتن.
یان:
تووشی جەردان هاتن.
ئینگلیز بۆ "جەردە لێ ڕاست هاتن" و "تووشی جەردە بوون"، ئەمەیان هەیە:

To attack by surprise.

جاری وایە لەناکاو شتێک واقت وڕ دەکات و قسەت لە بیر دەباتەوە. جا کورد لەو بارەدا دەڵێت: دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو.

دەمی بوو بە تاقی چرا.
دەمی چووە تاق.
زمانی لە گۆ کەوت.
خۆی لە بیر چوویەوە.
ئینگلیز لە باری چاوگیدا، بە هاوتای ئەو دەربڕینە کوردییانە، ئەمە بەکار دێنێت:
To be overcome by surprise.

هەروا بێتەوە، ئەگەر ئینگلیز دەڵێت:
the police surprised the burglars:

کورد دەڵێت: پۆلیس بەسەر شەودزەکاندا هات.
پۆلیس شەودزەکانی غافڵگیر کرد.

وشەی هەیهۆلان کە بە مانای (تعجب) دێت، نەک (مفاجأة)، وشەیەکی کۆنی کرمانجییە و لە بارێکی تایبەتدا دەبێتە هاوتای وشەی (Surprise)ی ئینگلیزی. ئینگلیز ئەڵێن :
much to his surprise

لێرەدا (Surprise) واتای (هەیهۆلان) دەدات. ئەم وشە کوردییە، لە کورمانجیدا، لەگەڵ (بوون) و (کرن) چاوگی لێکدراوی لێ ساز دەکرێت:
هەیهۆلانبوون، هەیهۆلانکرن .
هەیهۆلانکری واتە هەیهۆلانکراو.

مانایەکی دیکەی (Surprise) دەبێتە نش، نشک، نشکێو، نشکێڤ، نشکێڤە. ئێستە لە ئینگلیزیدا (Surprise party) هەیە کە لە زانکۆ و قوتابخانەکانی باشووریش زۆر دەکرێت، ئەوە ئاهەنگێکە، ساتێکی شادمانییە کە کۆمەڵێک دۆست و برادەر لێک خڕ دەبنەوە؛ کێک و شەربەت و میزڵدان و چی و چی دادەنێن و بانگی هاوڕێیەکیان دەکەن کە بێت، گۆیا ئەو ئاگای لە هیچ نییە، کەچی خۆی لەسەر یەک داو ڕازاندۆتەوە! کورد دەتوانێت بەو ئاهەنگە لەناکاوە خۆشیهێنە بڵێت: نشکاهەنگ (= نشک + /ئـ/اهەنگ) .
یان: نشاهەنگ (= نش + /ئـ/اهەنگ) .
پێوانە لە شەواهەنگ (= شەو + /ئـ/اهەنگ).

کورد مەگەر ویستبێتی دوو بزوێنان لێک جیا بکاتەوە، یان نەیکرابێت بزوێنێک بە سەرەتای وشە و بڕگە بگرێت هانای بۆ هەمزە بردووە، دەنا تا توانیویە نەیگوتووە و قرتاندوویە. نموونە بۆ ئەوە بێژمارن :ڕۆژاوا، خۆراوا، مالاوا، سارداو، گەرماو، گولاو، دێراو و ئیدی.
یان دەشێت وشەی (وردەئاهەنگ)ی کوردی بکرێت بە پێوانە، بەم چەشنە (Surprise party) بکرێت بە: نشەئاهەنگ (= نش + ناوبەندی (ـە) + ئاهەنگ).

تەواو.

https://www.facebook.com/ziyadasaad10